هەواڵگیری سەربازی دەستگیرکردنی دوو تیرۆریستی لە نێنەوا ڕاگەیاند

ئەمە دووشەممە، بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی دەستگیرکردنی دوو تیرۆریست و دەستبەسەرداگرتنی کەمێک تەقەمەنی لە پارێزگای نێنەوا ڕاگەیاند.

بەڕێوەبەرایەتییەکە لە ڕاگەیێنراوەکدا باویکردەوە" بە پشتبەستن بە زانیارییە هەواڵگرییە دروستەکان لە لقی فیرقەی شانزدەی بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگری سەربازی و بە هاوکاریی هەواڵگری و هێزێک لە لیوای نەوەد و یەک، توانای دەستگیرکردنی دوو ئەندامی باندە تیرۆریستییەکانی داعش کە داواکراون لەلایەن دەسەڵاتی دادوەریەوە بەپێی بڕگەکانی مادەی (٤/تیرۆر) لە شاری موسڵ لەلای ڕاست لە قەزای ١٧ی تەمموز دەستگیریان بکات، و ڕادەستی لایەنە پەیوەندەدیدارەکان بکات.

ئاماژەی بەوەشکرد" مەفرەزەکانی لیوای 92، F16، و دوای وەرگرتنی زانیاری هەواڵگریی ورد، توانیان لە گوندی بەتیشە لە ناحیەی حەمیدات دەست بەسەر کەمێک تەقەمەنیدا بگرن کە (35) بەمبی دەستکرد تێدا بوو، ومەفرەزەکانی هەوێی ئەندازیاری ئەو تەقەمەنیانە لەناویان برد."